# له ٨ ی مارسدا ستایش بۆ مستەفا گەرمیانی هاوسەری مهاباد قەرەداغی .

**کازیوه سالّح**

هەر وەکو چۆن ئەرکی ژنانە ئەو کارە ناچیزە و دژە مرۆڤایەتیانەی لە کۆمەڵ بە گشتی و پیاوان یان تەنانەت لە ژنانیش دەوەشێتەوە بە تایبەتی دژ بە پرۆسەی ژن بوون و مافی مرۆڤ بوونی ژن ، بە هەمان شێوە ئەرکی ژنانە ئەمڕۆ ستایشی خۆی بۆ ئەو پیاوانە هەبێت کە ئامانج و ئامرازی پێچەوانەیان هەیە بۆ هەمان پرۆسە .کەم نین ژمارەیی ئەو پیاوانەی کە خۆیان بە ڕوناکبیر دەژمێرن و لە نێو ناوەندی ڕۆشنبیریدا یاری بە ووشە دەکەن و ژیانی خۆیان بۆ دوو ڕووی لە هەڵویست و قسە و پراکتیکدا تەرخان کردووە ،کەم نین ژمارەی ئەو پیاوانەی لە قسە و نووسینەکانیاندا باس لە ماف و ئازادی ژن دەکەن و لە ماڵی خۆیاندا ژن دەچەوسێننەوە و سوکایەتیان پێ دەکەن ، کەم نین ژمارەی ئەو پیاوانەی لە گەڵ ژنی یەکێک لە بوارەکانی هونەر و نووسین و ڕۆژنامەگەریدا دەژین بە شێوەیەک مامەڵەیان لە گەڵ دەکەن کە هەمیشە لە نرخیان کەم بکەنەوە ماف و نرخی ئەو تایبەتمەنییان نادەنێ کە هەیانە ، زۆرن ژمارەی ئەو پیاوانەی لە گەڵ ژنانی ڕۆشنبیردا بوون فەلسەفەیان بۆ ژیان هێندە لاواز بووە کە ژیانیان لێ کردوون بە دۆزەخ و وایان لێ کردوون کە یان ناو و چالاکیان بسڕنەوە بیانترنجێنە کونجی ماڵەوە ،یان ئەو کۆیلایەتی و سوکایەتیەیان قبوڵ نەبێت و جیابوونەوەیان بەرانبەر هەڵبژێرن .زۆن جورەکانی دی چەوساندنەوەی بەر لە ژنانی دی ژنانی ناوەندەکانی هونەری و ئەدەبی گرتوەتەوە ئەوەیان لێرەدا باس ناکەم و هەڵی دەگرم بۆ نووسینێکی سەربەخۆ . چونکە ئەمڕۆ دەمەوێ لە ڕۆژی ٨ مارسدا پەیڤی ستایشم بگەیەنم بە پیاوێکی پێچەوانەی ئەو پیاوە هەژارانە لە ڕۆشنبیریدا ، جیاواز لەو دەروونە ناساغ و نەخۆشیە دووفاقیانە .

ئەو پیاوە لە پشت باخچە ئارامەکەی مهاباد قەرەداغیەوە باخەوانێکی بە ئەمەکەو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی گوڵەکانی ئەو باخچە هەمیشە گەش بنوێنی دەستی بێ ڕەحمانەی سیس بوون و بێ ئومێدی نەگات بە گەڵاکانی ، لە ڕووی مەجازەوە گوڵ و ژن بە یەک دەچووێنرێت دەگووترێت" بە گووڵیان گووت بۆ گەشی گووتی باخەوانەکەم مەردە " ئەوانەش خاوەنی هۆشیاری هەڕەمکین کە ژنێکی روخۆش و ڕەنگ گەش بەختەوەر دەبینن دەڵێن هاوسەرەکەی باشە ، ئەوانەش خاوەنی هۆشیارییەکی ئایدۆلۆژین فەلسەفەیەک لە پشت بڕوابونیان بۆ ژیان هەیە دەزانن دوو هاوسەر یەکێکیان ناتوانێت مەزن بێت ئەگەر ئەوی دیشیان مەزن نەبێت ئەوەش هەقیقەتە ، هەر لە میانەی ئەو ڕاستیەشەوەیە ئەو مەبەستە بە شێوەیەکی لاوازتر لەوەی تەواوی مەبەستەکە بپێکێت ڕستەی لە پشتی هەموو پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزنیان هەڵگەڕاندوەتەوە و دەڵێن لە پشتی هەر ژنێکی مەزنیشەوە پیاوێکی مەزن هەیە ، ئەم ڕستەیەش بۆ هەندێ بارودۆخ ڕاستە و بۆ هەندێکی دی لاوازە بەراورد بە بارودۆخی ژنی کورد ، چونکە یەک ژنانی هەڵسوڕاوی بوارەکان کە بە ڕاستی چالاک بن لە پەنجەی دەست تێناپەڕن ،زۆریشیان هاوسەریان نەکردووە ، دوو ڕێژەیەکی باشی ژنانی سیاسەتمەدار نەبێت بە هۆی مەزنی پیاوانی خێزانەکەیان چوونەتە بوارەکە و بە دەگمەن ژنانی بوارە ئەدەبی و

ڕوناکبیری وهونەریەکان لە سایەی پیاوێکەوە دەستیان کردوە بە کارکردن و لە سایەی ئەو پیاوەشدا گەشتبێت بە لوتکە بەڵکو ژمارەیەکی زۆری ئەو ژنانە یان بە تەواوی خۆیان پێ گەیاندوە ئەوجا لە گەڵ پیاوێک ژیاون ، یان لە پیاوەکەیان جیا بوونەتەوە ئەوجا توانیویانە درێژە بە کار وچالاکی خۆیان بدەن ، ئەمە ئەو شەرمەزارییە لەم چەرخ و سەردەمەدا ژمارەیەکی پیاوانی کورد کردوویانە بە خەلاتی مێژووی خۆیان ، ئەوانەش ئەو پیاوە دوو ڕوانەن کە کاک مستەفا گەرمیان پێیان دەڵێ نەخوێندەوارێکی داکۆکیکاری ژنم لە ڕوناکبیرێکی دوو ڕوو پێ باشترە "،ئەمە ئەو ڕاستیەیە هەموو لایەک دەیزانین ڕوناکبیرە دووڕوەکان نەبێت تا ئێستا لە خەونی یوتوبی خەبەریان نابێتەوە و وا دەزانن جیهان هەتا ئەو شوێنە بڕ دەکات کە ئەوان دەیبینن ،پێیان وایە ژنان متمانە دەخاتە سەر بانگەشەی ئەو جۆرە مرۆڤە دووفاقانە و بە پاڵپشتی خۆی دەزانێت لە کاتێکدا سەرجەم قسەو بانگەشەکانیان لە قسە و خۆ دەرخستن بە ناوی ژنەوە زیاتر نیە ، ،دەکرێ ئەم ووتەیەی مستەفا گەرمیانی " پیاو هەست بە ئازادی خۆی ناکات بەرامبەر ژنی نائازاد و "شەرمن " ،ئەوە ئازادی و شەرمنیە کە هاودژن نەک ژن و پیاو ،" بە هەزاران پیاو ڕوناکبیر و ناروناکبیر وەکو ڕستەیەکی بیستراو هەزاران جار بە کاریانهێنابێت و بانگەشەیان بۆ خۆیان پێ کردبێت و بیکەن ، بە بێ ئەوەێ لەوە وورد بووبێتنەوە کە ئەو ڕستە ساکارە فەلسەفەیەکی قوڵ لە خۆ دەگرێت نەبوونی ئەو فەلسفەیەش بە ئاشکرا لە ژیانی مرۆڤەکاندا بە دیاردەکەوێت ،هەر ئەو پیاوە دوو فاقەی ئەو ڕستەیە بۆ ژنێکی بێگانە بە کارد دەهێنێت، شەرمنی کە بەشێکە لە لاوازی کەسایەتی بۆ ژن وخۆشک و دایکی خۆی دەخوازێت . بەڵام لای مستەفا گەرمیانی پراکتیک و فەلسەفەی ژیان و باوەڕ ، هەر ئەوەش وای کردوە چارەکە سەدەیەک لە گەڵ ژنێکی بوێر و خامە بە دەست دژایەتیکاری شەرم بگوزەرێنێت ، چونکە بە ڕاستگۆیانە خەباتی خۆی لە میانەی هاوسەرەکەیەوە مهاباد قەرەداغی دەگەیەنێت بە ژنی کورد و نەتەوەکەی ، گەر لە مهاباد خان بپرسێت ئەو چەند ساڵەی دەرەوە چ کارێکت کردوە ؟، پێت دەڵێت کارکردنم خوێندن و نووسین بووە ، ئەمەش ڕاستی ئەو قسەیەی مستەفا گەرمیانی دەردەخات کە دەڵێ مەهاباد " کاتی بۆ تێکۆشان و منیش تێکۆشانم بۆ کاتی ئەوە " ئەمە لە کاتێکدا مستەفا گەرمیانی خاوەنی قەڵەمێکی بە برشتە ،دەشیتوانی وەکو ڕوناکبیرە دووڕوەکان بڵێت مادەم داوای ئازادی بۆ ژن دەکەیت پێویستە لە ئەرکی ئابوریشدا ففتی بە ففتی بین ئەوەیە ژیانی یەکسانی ، بەڵام ئەو دەزانێت ئەو کات ڕاستی لە گەڵ خۆی و کۆمەڵەکەی هاوسەرەکەی و لە میانەیەی هاوسەرەکەیشیەوە ژنانی کورد نەکردووە بۆیە پێچەوانەکەی لا دروستە، ئەوەش ئەو هەستە جوانەیە کە درکی پێکراوە ئەگەر مستەفا گەرمیانی کاتی خۆی بۆ تێکۆشانی مهاباد تەرخان نەکردایە ئێستا ئەویش خاوەنی چەندین ووتار و کتێب بوایە چ نرخێکی دەبوو کە لە سەر حسابی ئەو قوربانیە بوایە کە هاوسەری ژنێکی نووسەر پێویستە بە کاتی خۆی بدات لە پێناوی تێکۆشانی ئەودا بێگومان ئەو کاتە دەبوو بە بانگەشەو کۆمەڵێ لاپەڕە پڕ کردنەوەێ دوو فاقی وەکو ڕێژەیەکی زۆری ئەوانەێ ئێستا هەیە ، بۆیە کاک مستەفا گەڕمیانی درکی بەو ڕاستیە کردووە ئەو ئاڵا یەکسانیە دووفاقیەی دڕیوەو نەفرەت لەوانە دەکات " لە دەرەوە ئاڵای یەکسانی و لە ماڵەوە ئاڵای بێسانیان هەڵکردووە " ئەمەش ڕاستە سەیرە مرۆڤێک خۆشەویستی و ئازادی وڕاستگۆی بەرانبەر بە هاوسەری خۆی و خێزانی خۆی دەستەبەر نەکردبێت وا بزانێت بانگەشەکانی دەرەوەی منی ژن

دەخەلەتێنێت و بەرگی کۆنە خوازی لێ دەکەینەوەو بەرگی پێشکەوتوخوازی بە بەر دەبڕین ،دەکرێ زۆر کەس قسەکانی کاک مستەفای هەزاران جار کردبێتەوە و بکاتەوە ، بەڵام ئێمەی ژن دەزانین کێ بە ڕاستێتی و لە ژیانی خۆیدا پراکتیکی دەکات و کێش تەنها بۆ بانگەشە لەو مەسەلانە دەدوێت ، لەم رۆژەدا ستایشی خۆم پێشکەش بەو پیاوە ڕۆح سپیە دەکەم کە لە میانەی کات و ئازادی و بەختەوەری بۆ هاوسەرە بە تواناکەی خزمەتی ئێمەی ژنی کردووە ، لە میانەی خۆشەویستی بۆ ساواکەی و بە بێ ئازاوە و خۆشەویستی پەروەردە کردنەوە خزمەتی منداڵانی کوردی کردوە .ئەوەی بیەوێ کۆمەلەکەی بگۆڕێت پێویستە لە ماڵی خۆییەوە دەست پێبکات . من دڵنیام ئەگەر مستەفا گەرمیانی خاوەنی ئەو فەلسەفە قوڵە نەبوایە بۆ ژیان هەرگیز مهابادێکی یاخی و خاوەنی بیر و باوەری تایبەت ژیانی خۆی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەک پێوە گرێ نەدەدا ، بۆیە چارەکە سەدەیەک ستایش و دەست خۆشی و میهر بۆ ئەو مرۆڤە کە توانیوێتی لە تابلۆیەکی تایبەتدا و جیاواز لە زۆربەی هاوڕەگەزەکانی خۆی تابلۆی ژیان بنەخشێنێت ،مستەفا گەرمیانی مافی خۆیەتی لەم ساڵەدا چەند پەیڤی ڕاستگۆی و خۆشەویستی و باوەربوون بە ئازادی بۆ ژیانی خۆی لە میانەێ ژیانی خۆیەوە بۆ ژنی کورد و کۆمەڵی کوردی لە سەر پەپولەکانی کەرنەڤاڵی ٨ی مارس بۆ بنەخشێنین ، لە هەمان کاتدا خوازیارم ئەم نموونەیە هێندە زۆر بێت لە ناو کوردا کە ئیتر ساڵانە لە ٨ی مارسدا پەیڤی ڕازاوەێ ئەو ڕۆژە پێشکەش بە چەندین پیاوی ئازادی خواز و ڕاستگۆ و پاڵپشتی ئەستوور ڕاستەقینە و نادووفاق لە پشتی بزاڤی ژنانەوە بکەین .ژیانیش بەو خۆشەویستی و ڕاستگویەوە جوانە کە کاک مستەفا و خەڵکانی وەکو ئەو بە مێژووی ژیانی دەبەخشن ، هەر لەو ڕوانگەیەشەوەیە لە مێژوودا خەڵکانێک هەبوون کە پاش ٧٠-٨٠ ژیان تەمەن لە سەر مەزارەکەیان نووسراوە ساڵێک یان شەش مانگ یان مێژوویەکی کورت نووسراوە ژیاون نەک تەمەن و ساڵی لە دایک بوون چونکە تەمەن درێژی وژیانی مرۆڤ هەر ئەو ساڵانەیە بە هەر سێ فاکتەری خۆشەویستی و ئازادی وڕاستگۆیەوە بەستراوە ،چونکە فەلسەفەێ ژیان ، خۆشەویستی و ڕاستگۆی وای دەوێت .

kazewas@hotmail.com